

حکوومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی ڕۆشنبیری



گەشتێک
لە نێو جیهانی بزافی ڕۆژنامەگەری کوردی دا

مەحمود زامدار



مەولێر 1998
ژمارە - 35

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

حکومه تی هه رێمی کوردستان
وه زاره تی رۆشنبیری
ژماره : 35

100 ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی 22ی نیسان
KURDISH PRESS CENTENNIAL
22 Ap. (1898 - 1998) - ERBIL

ناوی کتێب : گه شتێک له نێو جیهانی بزاڤی رۆژنامه گه ری کوردیدا
نووسه ر : مه حموود زامدار
د ه رهێنانی هونه ری : عوسمان پیرداود
سه رپه رستی چاپ : عه لی خورشید
کۆمپیوته ر : نه پڵس
چاپخانه ی زانکۆی سه لاحه دین - هه ولێر

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

• هەر لەچلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئەگەر نەتەوەی کورد دەستی دابێتە چەکێو سیاسەتو دیپلۆماسیەت و شۆڕشی حەقخوازانەی خۆی بەرپاکرد بێ و تارۆژی نەمرۆش لەو شۆڕشەدا بەردەوام بووبێت، ئەوا بۆ ڕزگاری خاکێو مرۆڤ بووە، لەچنگڕۆکی گشت ئەو لایەنانەی کەنەم خاکە یەکپارچەیەیان، پارچە پارچە کردووەو مرۆڤەکەی سەریشی بندەست و کۆیلەو مەلوول.

هەموو ئەو شۆڕشانەش، هەر لەراپەڕینی بەدرخانی یەکەمەوە بگرە، تا دوا ڕاپەڕینی ئەم پارچە کوردستانە نازادەی ئەمڕۆ، لەئەنجامی پێگەیشتنی فیکری ڕووناکبیرانەی سیاسی کوردەوە سەری هەڵداوەو خۆی لەنێو بۆتەو قاوارەی بزاڤی پیرۆزی کوردایەتیدا، دۆزیوەتەوە. کوردایەتیەک، کەگشت پەیام و نامانجێکی بەندەو بەندبووە، بەرزگارکردنی نەتەوەو بەبنیادنانی وڵاتێکی نازادو بەهەنگاو هەڵێنانیش، لەپێناوی شارستانیەتێکی ناسودەو بەرفراوان و پڕ لەبەخشش و داهێنانی مرۆڤانە، شان بەشانی هەموو گەلانی جیهان.

* دیارە ئەو نامانجانەش بەبێ مەرج و پڕۆگرام و بەرنامەیەکی زانستیانە نەبێت، تەکان ناداو ناگاتە هەوار.. دیاریشە یەکێ لەو هەل و مەرجە گەورانەش، ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵانی خەڵک و قوولکردنی هزرو هۆش و خێراکردنی تەوەرەکانی فیکرو شیتەڵکردنی هۆو دەرەنجامەکانیانە.. یەکێ لەو هۆیە هەرە گرینگانەش، کەدەوری هەرە دیاری شارستانی لەم مەسەلە گرینگۆ دایساوەدا نەگێڕێ، هۆیەکانی ڕاگەیاندنە، لەسەرووی سەرووییانەوەش بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریە.. ڕۆژنامەگەریش -وەک دیارە- لەئەنجامی پێداویستیەکی میژوویی و شارستانییەوە سەرهەڵداو پێڕەوەکەو نەشونما دەکاو پێدەگا.. تا ئەڵێرەوە نەتوانین زۆر بەکارامەیی، پێوەندی نێوان (کوردایەتی و شارستانی) بەیەکەوە بڵۆزینەوەو بەتان و پۆیدا بچینە خوارەوە.. هەر بۆیەشە، ئەو وەچە ڕابەرەی کەچ بەفیکری شۆڕشگێڕانەی مرۆڤانەو چ بەبیری بەربڵاوی نامانجەکانی

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ڕەنجۆیی سەدەی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەڕاشکاوی لەم موعادەلەی (شۆڕشی کوردایەتی و کوردایەتی شۆڕش)ە دەگەیشتن و هەوڵیان بۆ نەدا. دیارە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دایکیش، هەر لەئەنجامی ئەو موعادەلەیە کەوتبووە..

• ئا ئەو سەردەمانەی کوردستان، جۆرەکەش و تەشقێکی زۆر تایبەتی هەبوو، لەلایەک بیری پێشکەوتوانەی شۆڕشی فەرەنسایی و جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە تا دەهات پەرەی دەسەند، لەلایەکیش زۆری پێ نەچوو بوو، کەمەموو میرنشینە ناوچەییەکانی کورد قەڵاچۆکرا بوون.. ڕاپەڕینەکانی بەدرخان و شێخی نەهرییش لەئێو خوێنی خۆیاندا گەوزێندرابوون، تەوەرەی خەبەر نازارەکانی کوردیش تا دەهات زیاتر ڕەنگی دەڕشت و پشتی چەماوەی ڕاست دەبووەوە..

گەردنی کوردی لەکێوی بێستون مەحکەمترە
بەد هەزار ساڵە، لەژێر باری خەمایە و ناسرەوێ

• ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەی (کوردستان) هاتە ئێو دنیای سیاسەتەوە، تینوتاوی بزاڤی (یان عوسمانلی) لەنەستەموڵی نەخۆشدا، لەئەوپەڕی دەسەوشاندنابوو، بەشەل و کوێری دەستی لەهەموو لایەکێ نەوەشاندو کەسی نەدەپاراست.. سێ سوچکەی (برایەتی- سەربەستی- یەکسانی) هەراسانی کردبوو، ببووە کێچێکێ و کەوتبوە کەوڵی ئەو پیاوە گەرۆ گەوجەوە... گەلانی ئێو ئیمپراتۆریەتە زیوالزیوالبووەکەش، تا دەهاتن لەخەوی غەفڵەت بێدار دەبوونەوەو تینوتاویان دەسەندو بۆ سەر شانۆی چارەنووسی خۆیان پەلیان دەکوتا.. ئینگلستانو ڕووسستانو فەرەنگستان و جەرمەنستانو ئەمەریکاش بەمۆزەوە چاویان بڕیبووە، خێرو داهاتی لەبن نەهاتووی ئەم دەڤەرە پان و بەرینە.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

نا لەو نان و ساتە تەنگەبەرانەدا ، دوو رۆڵەی وەکو رۆڵەکانی گەلانی تری راپەڕیو ، بیرو هزریان لەدەرکردنی: پەخشنامەیەک، بڵاوکراوەیەک، رۆژنامەیەک دەکردەوە ، گاها بتوانن هەم رووبەڕووی واقیعی پڕ لەکارەساتو پڕ ژەنگەکانی میللەتەکەیان ببنەوە...! ئەوەبوو لەبەر گەلێ هۆی سیاسیو جوغرافی و شارستانی رووبان لەمیسر کردو کەوتنە مشورخواردنی بەرەنگاربوونی دوژمنە خوێنخۆرەکەی کورد...!

* سەر لەبەیانی (١٠٠) سال بەر لەئێستا کەئێستایە، لەشاری (قاهیرە)دا ، رۆژنامەیەکی خاکەڕا ، بەجوانترین و بەسۆزترین و بەبەرخترین ناوێکی کوردی بە(کوردستان) لەپزدانی پڕ لەژان و ژووری مێژووی خوێناویو لەهیواو ناوات و مێشکی پڕ لەژانی نەو دوو رۆڵە دڵفیگارو مەردە سەری هەڵدا... نەو سەر لەبەیانیەش، وەکو سەرلەبەیانی رۆژانی تر ناسایی نەبوو، رۆژێک بوو، مێژوو واژۆی بۆ کورد کردبوو، رۆژی دەنگ هەڵبڕینو هاواری پڕ سۆزو گۆدازی مەردان بوو ، رۆژی هەنگاو هەڵێنانێکی گەورەی سیاسی بوو لەبزاڤی خەمخۆری کوردایەتیدا ، رۆژی خۆ دۆزینەوەیەکی راستەو ڕاستی خەونە متبوەکانی مرۆڤی سەوداسەری ئەم خاکە بەلەنگازە بوو... بەهاری گەردنازداریو دەس لەمل کردنی هیوا بوو ، رۆژی یەکەم هەنگاوی وشەی سیاسی کوردبوو لەسەرەڕێی کاروانی هەزار میلەکە... هەوراز خۆت بگەرە وا هاتین و کاروانیش بەڕێوەیە...!

* کاتێ کە (کوردستان)ی رۆژنامە چاوی خەوالوی هەڵێنا ، یەکەم رۆژنامەی جەرمەنی (ستراسبۆرگ ریلەیش) (٢٨٩) سالو رۆژنامەی (لاگازێت)ی فەرەنسی (٢٦٧) سالو رۆژنامەی (گازیددی مەدرید)ی ئیسپانی (٢٣٨) سالو رۆژنامەی (پۆستن نیوزیلەیشن)ی ئەمریکایی (١٩٤) سالو رۆژنامەکانی تورک (٩٠) سالو رۆژنامەی (الوقائع المصریة)ی میسری (٧٠) سال و رۆژنامەی (الزوراء)ی

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library